وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: 21**
**رۆژی دەرهێنان: 2003/9/27**

پشت بە حوکمی بڕگە ( 1 )ی ماددەی ( 56 )وماددەی( 53 ) لە یاسای ژمارە ( 1 )ی هەموارکراوی ساڵی ( 1992 ) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانی، لە دانیشتنی ژمارە( 33 )ی رۆژی ( 2003/9/25 )یدا ئەنجامی داوەو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە( 3 )ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە( 10 )ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( 21 )ی ساڵی/2003

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی ( 156 ) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە ( 111 )ی ساڵی ( 1969 ) ی هەموارکراو لە کار دەخرێ و، ئەمەی خوارەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێگای دەگرێتەوە:

( هەرکەسێ بە دەستی ئەنقەست و بە هەر شێوەیەك دەبێ، ببێ لە کارێکدا تێوەگلێ بە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بە بەندکردنی هەتا هەتا یان بە بەندکردنی کاتی سزادەدرێت.

**ماددەی دووەم:**

لە ماددەی ( 157 ) ـەوە تا دەگاتە ماددەی ( 189 ) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە ( 111 ) ی ساڵی( 1969 )ی هەموارکراو کە تایبەتن بە جەریمە گەلی زیانبەخش بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

**ماددەی سێیەم:**

لە ماددەی ( 190 ) ەوە تا دەگاتە ماددەی ( 195 ) و لە ماددەی ( 198 ) یشەوە تادەگاتە ماددەی ( 219 ) لە یاسای سزاکانی عێراقیی ژمارە( 111 )ی ساڵی ( 1969 )ی هەموارکراو کە تایبەتن بە جەریمەگەلی زیانبەخش بە ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت، لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەگەلی ( 228,227,225,224,223 ) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە( 111 ) ی ساڵی ( 1969 )ی هەموارکراو کە تایبەتن بە جەریمەگەلی دژ بە دەسەڵاتی گشتی، لە هەرێمی کوردستاندا لە کار دەخرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە بەرکارو لە ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاو دەکرێتەوە.

د.رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی ـ عێراق